# ئاوڕێک لە کتێبی «بزەیەک لە تاریکیدا»

ئەمین گەردیگلانی

شیعر چییە و چۆنەو دەبێ چۆن بێ، دەمەتەقێ و مشتومڕی زۆری لەسەر کراوەو هەرکەس و لە گۆشەنیگاو ڕەهەندی تایبەت بەخۆیەوە تێیڕوانیوە و بۆی چووە، تائێستاش بەئاکامێکی چەسپاو نەگەیشتوون. چونکە شیعر هەموو شتێکی لەخۆ گرتووە، یان هەموو شتێکیان بەزۆری یان بەخوایشت بەکۆلیدا داوە. بەتایبەت ئەمڕۆ شیعریان بەرەو هەڵدێرو بنبەستێک بردووە، یان دەبێ ئەو هەڵەتە هەڵدێردرێ و لەبەریەک پرژو بڵاوبێ، یان لە جێی خۆی مت بێ و لەبەر خۆیەوە بپرووکێتەوەو هەلاهەلا بێ، چونکە ئەمڕۆ هیچ دەرۆستی و بەرپرسیارییەتی و سنوورێکی ئەدەبی و هونەری نەماوەو هەر کەس چۆنی پێخۆش بوو رایدەدا.

پەیدابوونی (بەناو) شیعری سپی و شیعری وتاری و شەپۆلی یەکەم و بەرەی چەندەم و ئێلە و بێلە شیعری وا لە بەرچاوی تاقمێک ئاسان و خۆش کوڵ و خۆش هەزم نیشان داوە، هەرکەس بە مەیلی خۆی تاوی دەداتێ و شەلم کوێرم ناپارێزم وشە ریزدەکەن و سەردەکەن بە بن بەفرە لوولەکەی وشەی بۆش و یەکرەنگ و سواوداو دەقەکەیان جوانە یان ناحەز، مانای هەیە یان نییەتی، روونە یان تەمومژاوی، هەمووی بەخۆیان مەڕبووتەو و خوێنەر بەتوون.

پێیان وایە ئەگەر خۆیان لەداوی کێش و سەروا و چوارچێوە و مانا و وێنە و پەیام رزگار کرد، ئیتر هەموو شتێک دەبڕێتەوەو هەرچی لە زمانەوە شۆڕببێتەوەو بەنووکی قەڵەمدا بڕژێتە سەر کاغەزی بەستەزمان

شیعرەو شیعریش یانی هەرچی بیری لێ نەکرێتەوە و بنووسرێ؛ چاو بقووچێنە و پللار باوێ ئەوی بەزمان و مێشک و خەیاڵتدا هات تێکەڵوپێکەڵ و زەینی وەک خۆی بینووسە، رستەی کورت و درێژو نێر دیوان و پلیکان دروستکردن و قەتاری وشە ریزکردن یانی شیعری سەرکەوتووی ئەمڕۆ، هەرچی بنووسرێ و کەس نەزانێ چییەو لە بێ ناوەرۆکیدا گڤەی بێ ئەوە شیعرەو شیعری چاکیشە.

بەڵام ئەوە هۆی لە شیعر نەگەیشتنە. ئەو شیعرەی بێ بیرکردنەوە دەنووسرێ، لەگەڵ ئەو شیعرەی کتوپڕ دەنووسرێ جیاوازیی زۆرە. هەر جۆرە هەڵکوتانە سەر قەڵەم و کاغەز و رەشکردنەوەیەکی لە ناکاو شیعر نییە. شیعر ئەو هەستە قولپدەر و کەلاو کردووەی ناخەکە پیلی شاعیرەکەی دەگرێ و دەیخاتە سەر رێگاو خۆی پێدەنووسێ. ناچاری دەکا بینووسێ. ئاراو قارای لێهەڵدەگرێ، ناتوانێ نەینووسێ. جیاوازیش لەنێوان ئەم دوو جۆرە لە ناکاو نووسینەدا زۆرەو رەنگە بەنووسین بەیان نەکرێ. بەڵام بەداخەوە ئەم کتوپڕ نووسینە زۆربەی لاوەکان بەبارە ئاسان و نەزۆک و بێ ئەزموونییەکەی لێی حاڵین و تەنیا رواڵەتەکەی دەبینن و ئەوەیان کردۆتە چەکی دژ بە هەموو جوانی و هەست و خەیاڵ و ناوەرۆکێک. ئەوەشیان لە سایەی سەری وەرگێڕانی هەڵەو نادروستانەوە پێگەیشتووە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەشیعری نوێ بڵێن (قسەی بەتوندی) زۆری و بۆریی ئەو جۆرە رەشنووسانەش وایکردووە زۆربەی زەوق و چێژوەرگرتنەکانی خەڵک لە شیعر تووشی ساردبوونەوەو کوژانەوە بووە. شاعیری ئەمڕۆ لووت بەرزانە ملی رێیان گرتووە و شا بە سەپان ناگرن. پێشیان وایە شوورەییە بەمەدرەکی دانشگاییەوە شیعری شاعیرێکی حوجرەنیشنی وەک نالی و مەحوی و هێمن و.. بخوێننەوە. تەنانەت بەپلەیەکی گەیشتوون سوارە و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێویش بەورێنەبێژ دەزانن، چونکە شیعرەکانیان وێنەو پەیام و مانای تێدایە، بەشیعری نازانن و پێی دەڵێن هۆنراوە یان نەزم. بۆیە لێرەدا ئەو فەرمایشتەی مامۆستا ئاسۆم قەبوولە کە دەڵێ:

«هەر شاعیرێک غەزەلێکی چاکی نەبێ شاعیر نییە»

ئەوەش وتەیەکی جوانە و کاتێ چاو لە بەرهەمی شاعیرە راستەقینەکانی کوردو فارس دەکەین دەبینین پلە بەپلە سەرکەوتوون و لەڕووی ئەزموون و زانینەوە دەستیان داوەتە قەڵەم و تاڵە تیشکی نێوان سەردەم و رابردووی خۆیان نەپساندووە. هەر لە نیماوە بگرە هەتا ئەخەوان سالس و سوهراب سپێهری و فروغ فەروخزاد و گۆران و سوارە و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و مەنوچێهری ئاتەشی و ئەحمەد شاملوو... هەموو ئەمانە دیارە لەسەرەتاوە ئەدەبیاتەکەی خۆیان ناسیوەو بەخوێن و گۆشت و یەسقانەوە لەگەڵی ئاوێتەبوون و تێیدا تواونەتەوە. لەسەر بناغەی پتەوی بەر لە خۆیان دیوارو باڵەخانەیان هەڵچنیوە، بۆیە سەرکەوتوون و هەر کام خاوەنی دەنگ و ئەزموون و شێوازی تایبەت بەخۆیانن.

بەم پێشەکییەوە دەمەوێ ئاورێک لە بەرهەمە شیعری «بزەیەک لە تاریکیدا»ی کاک خالید عینایەتی بدەمەوەو وەک خوێنەرێکی شیعر تیشک بخەمە سەر ئەو کتێبە. عینایەتی دیارە کە دەستی بۆ شیعر بردووە، بەوریایی و ئەزموونەوە پێ دەنێتە ئەو رێگایەو خۆی بەئەزموون و سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ئەدەبیاتی بەر لە خۆی غەنی کردووەو لەخۆڕا هەڵێنەکوتاوەتە سەر وشەو رستەو دەست بکا بەقەتارکردنی

وشەی سەیرو سەمەرەو بێ مانا.

عینایەتی لە یەکەم شیعری کتێبەکەوە کە بەشێوەی غەزەل دەستی پێکردووە، تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووەو بەو چەند غەزەلەی سەرەتای کتێبی بزەیەک لە تاریکیدا دەتوانین لە ئەزموون و تەجرەبەی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بەر لە خۆی دڵنیابین. من نامەوێ لایەنگری لە شیعری کێش و سەروادار بکەم و دژی شیعری نوێ راوەستم. نا، من شیعری نوێم پێ خۆشترە بەشەرتێ شیعر بێ و لەخۆڕا وشە ریز نەکرابێ و نووسەرەکەشی سەروبنی قسەکانی خۆی نەزانێ.

هەر بۆیە عینایەتی کاتێ ئەو رێبازە زەمانییە دەپێوێ و لە غەزەلەوە دێتە سەر شیعری نوێ و لە شیعری نوێوە شێوە زمانێکی چەند رەهەندی و کایەکردن بە وشەو مۆسیقای چەندپات بوونەوەی پیتەکان هەڵدەبژێرێ، خوێنەر هەست بەنامۆیی ناکا. من نامەوێ و ناشتوانم راڤەو لێکدانەوە لەسەر شیعرەکان بکەم و وەک رەخنەگرێک هەڵیانسەنگێنم، تەنیا وەک خوێنەرێکی شیعر بەچاوی خۆم دەڕوانمە شیعرەکان و بەزەوقی خۆم ئەو رستە و بەیتانەی چێژم لێوەرگرتوون، لێرەدا وەک نموونە دێنمەوە:

**ژین لە ژان دایمە دڕدۆنگە، گەزەش پیشەیەتی**
**هەرکە هەمزەی سەری گرت، کای درۆو تەشقەڵە بوو**
**ئاگرە ژارو هەزار پووشکەیە بۆ مەنجەڵی خەم**
**کە جەفا کار هەموو دەم رووی بنی ئەو مەنجەڵە بوو**

**بۆ زەم کە نەبوو ئاوی ژیان زەمزەم و کەوسەر**
**خوایی نییە، بارکەوتەیی مە، کاری نەزانە**

**سواری بەلەمی پاکی ئەوین بووم، کەچی دەریا**
**مشتێکی گرانی لە دەمی خۆم و بەلەمدا**

**بە من بە تۆ لە تۆ دەدەن جگەر وەدەم چەقۆ دەدەن**
**بەدەستی خۆ لەخۆ دەدەن، گورگ لە کۆزەکەم دەکەن**

**بۆچی دەبێ هەرچی هەمە بۆ دەم لە دەستی دەم**
**هۆ دەم نییە ژینم بەکەسەر ژانە، ژیانە.**

لەو چەند بەیتە شیعرەدا بەڕادەیەکی زۆر جوانکاری و پەیامی نوێ دەبیندرێ و چێژی شیعریان تێدایە.

یان ئەم بەیتە شیعرە کە دەڵێ:

**ئاشق کە لەگەڵ گفتی بەدلبەر سەری داوە**
**چم داوە وەکوو داوە لەنێو بیرو وزەمدا**

کە ئەو بەیتە لە چەند رەهەندەوە دەخوێندرێتەوە و جێی سەرنجە. ئەویندار لەگەڵ بەڵێندان بەیارەکەی سەریشی داوە لە پێناوی، یان ئەویندار لەگەڵ بەڵێن و پەیمان بەدڵدارەکەی، بۆی دەبێتە سەرەداوێک و پێکەوە گرێدەدرێن. یان ئەویندار لەگەڵ پەیمان و بەڵێن بەگراوەکەی سەری لێداوەو چۆتە ژوانی و پەیمانی خۆی بەجێهێناوە. لە مسیرەعی دووهەمدا دەڵێ:

**چم داوە وەکوو داوە لەنێو بیرو وزەمدا**

من چم لێداوە کە وەکو داو وایەو لە بیرو هەست و توانام گرێدراوە. یان من کارم بەئەوین چییە، کە دەبێتە هۆی گیرۆدەبوونم و بیرو وزەم دەخاتە بەندەوە. یان چونکە ئەو کایەیە کە کایەی ئەوینە لەوانەیە فێڵ و گزەی تێدابێ و خۆی لێنەدەم چاکترە.

یان ئەم بەیتەکە دەڵێ:

**بۆچی دەبێ هەرچی هەمە بۆ دەم لە دەسی دەم؟**

بۆچ هەرچی هەمە بۆ زەمان لە دەستی دەم و بیفەوتێنم؟

یان بۆچی هەرچی هەمە بۆ عەشقی دەم، واتە لێو و زاری دڵخوازەکەم لە دەسی دەم؟ یان بۆچی هەرچی هەمە بەقسەیەک کە لە دەمەوە هاتۆتەدەر لە کیسم بچێ.

**هۆدەم نییە ژینم بەکەسەر ژانە، ژیانە**

مالم نییە بۆیە ژینم بەخەم و کەسەر پڕبووە لە ژان و ئازار، یان هۆی دەم و سات نییە، کە ژیانم ئاوا بووە ب ژان لە دەست خەم، یان خەتای دەم، واتە زار نییە کە من ئاوا ژیانم لێ تاڵ بووە.

لە شیعر بێ نوختەکەشیدا کە دەسەلاتی شاعیر نیشان دەدا بەسەر وشەو رستەدا، کە غەزەلێکە هیچکام لە وشەکانی نوختەیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا پڕە لە پەیام و وێنەو جیناس و جوانکاریی ئەدەبی.

**مەلێ حاسڵ کەی دراوە دڕوو**
**رەگی ماوە گوڵی راساوە دڕوو**
**لە کەلاوەو لە کەل و دۆڵ و دەرا**
**لە هەموو لاوە هەڵی داوە دڕوو**

کە دەکرێ ئەو شیعرە لە چەند روانگەوە بخوێندرێتەوەو لەباری کۆمەلایەتی و رامیاری و هەست و سۆزەوە جێی سەرنجە. تابلۆیەکە بۆ خۆڕاگری و هیوا بەژیان و گەشبینی.

**هۆی گەلێ هەس وەکەلی کاوە دڕوو**

لەخۆڕا لەسەر لۆدەکاو دیوارو... نەچەقێندراوە، بوونەکەی بێ هۆ نییەو لەخۆڕا نەڕواوە.

**سەری سەرگەردی سەراسەر سەمەرە**

پێت وانەبێ کە سەریان قرتاندو دووربیانەوە تازە وشکدەبێ و دەبڕێتەوە، بەڵکو قازانجی زۆرە، سەری خۆی کردۆتە قوربانی، بەلام هەر زیندووە.

**رەگی مەعلوومە لەسەر ئاوە دڕوو**

دڕوو کە دەتوانێ خوازەیەک بێ بۆ مرۆڤی هیوا بەداهاتوو و گەشبین، بەوانە نافەوتێ و هەر گەش دەمێنێ.

بەبڕوای من ئەگەر کاک خالید لە بواری شیعری کێش و سەروادا کاری بکردایە زۆر سەرکەوتوو دەبوو، بۆیە ناڵێم کلاسیک چونکە فۆڕم نابێتە پێناسەی بەرهەمێک بۆ ئەوەی ناوی کلاسیک یان نوێی بەسەردا بسەپێنین.

دەقێک دەتوانێ بەهەموو کێش و سەروا و سەنعەتە ئەدەبییەکانەوە نوێ بێ و دەقی واش هەیە بە فۆرمێکی زۆر نوێ دەنووسرێ، بەلام هیچ نوێخوازی و داهێنانێکی ئەدەبیی تێدا بەدی ناکرێ.

عینایەتی لەو بەرهەمەدا بەڕاستی ویستوویەتی زمانێکی پەتی و کوردانە بەکاربێنێ و لەو بوارەشدا سەرکەوتووە و زمانێکی رەوان و پەتی رێزمانێکی دروست و کوردانە بەشیعرەکانییەوە دیارە و رەنگدانەوەی رێزمانی فارسی بەئەدگاری شیعرەکانییەوە نابیندرێ.

هەروەها خاوەنی زۆر وێنەو دەستەواژەو وشەی لێکدراوی نوێیە، وەک: شۆقی گوڵبزە. مەرگەژیان. گرینی ژەنگوژار، کوێستانی هەناسە. گەرمێنی باوەش، تابووتی خوێناویی خەم، بڕکەی پەنجە، قنگەلاشکی بریا، سەمفۆنیای باهۆزو کزەبا، ژیلەمۆی بەربارانی پرسیار، خۆزیای سووتاو و پێکەنینی خنکاو گەرووی برووسکە. کە هەموو ئەمانە داڕێژراوی هەست و بیری خۆیەتی و بەدەگمەن لە شیعری تردا هاتوون.

بەلام لە شیعری ژمارە ٤٢دا دێڕی ١٠ رستەی «دەمەقاڵەی نان و ددان» دێنێ، کە رەنگدانەوەی رستەیەکی شیعرەکەی دەنگی پێی ئاوی سوهراب سپێهرییپێوە دیارە(جنگ خونین انار و دندان) لە کۆتاییدا هیوادارم. چاومان بەبەرهەمی نوێتر و بەپێزتری ئەو بەڕێزە روونبێتەوە.